www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 0:28

خەمێکی تر ... سالار توتمانی

کاسکێتەکەی چالی چاپلن ئەوەندە هەزار دۆلاری کرد، دەسماڵەکەی دەستی ئوم کلسووم لە زیاد کردنێکی ئاشکرادا زۆر لەو نرخەی تێپەراند کەمەزەندەی بۆ کرا بوو، لە سەر کڕینی تابلۆیەکی بیکاسۆ کڕیارەکان بەیەکدا هەڵپژان، ژنێکی خۆرئاوایی پەرتوکێکی دسکۆفسکی لە پیاوەکەی خواست بۆ گرێبەستی هاوسەری.

ئاخۆ دەبێت گاڵۆك و کاسکێتەکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە کوێبێت، بڵێ ی مابێت؟ جابابشزانم لە کوێیە.. گریمان باوای دابنێین.. ماوە. دڵنیام نەك کەس نایکڕێت، بینینیشی گرنگ نی یە بۆ کەس. دەبێت پێنوسەکەی گۆرانی شاعیر لای کێبێت؟ تەوفیری چی یە بزانیت. بڵێ ی لە ئاگادار کردنەوەیەکدا بانگەواز بکەیت بۆ فرۆشتنی، خەڵکگەلێك هەبن. تەشریف بێنن و، بۆ دیتن و کڕینی پاڵە پەستۆ بکەن... دەبێت بۆ دەست کەوتنی پاڵتۆشرەکەی قانع... هەنووکە لەسینەیەکدا ئاخ و داخێك هەبێت. بشی ژووروداڵانەکەی نەجمەین مەلا مابێت.. ئەگەر مابێت ئاخۆ خەڵکی بلیت دەبڕن بۆ دیتنی.. ئەو کەرەستەو کەل و پەلانەی حسین حوزنی بۆ دەرکردنی رۆژنامە بەکاری دەهێنان... گەربمابانایە هونەرمەندێك بیری لە بەرکارهێنانەوە یانی دەکردەوە و ڕۆڵی حوزنی دەبینیەوە.

هەر بەگاڵتەوە بە دەزگیرانەکەم ووت... با کتێبی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی بکەمە ماڕەیت.. کەچی لە وەڵامدا ووتی پێویستت بەوە هەیە بۆ ماوەیەك لە ژێر چاودێری پزیشکی دەرونیدا بیت.

دەشی ئەم معادەلەیە بۆ وابێت!! لەم مەملەکەتەی منداء زۆرن ئەوانەی چەند جۆر شقارتە لە دنیادا هەبێت، کۆی کردبنەوە و لە مەعرەزێکدا، زۆریش هەموو جۆرەکانی (چا) و جۆرەکانی پارە و پوڵەکانی دنیایی ئەرشیف کردوە ...

دەشێت بزر بوونی چاپخانەکەی پیرەمێرد و، چاویلکەکەی مەلا عبدالکریمی مودەریس و، کورسیەکەی عەلائەدین سوجادی و، بوینباخەکەی د. شۆو، دەستنوسەکانی کامەران موکری... خەم بن.

دەشێت لێرەوە ئینتما نەبوونمان بۆ ئەوانەی کە بۆ ئێمە سوتان بخەینەژێر سەرنجەوە. دەبێت بڵێین ئافەرین گۆران کەپێشبینی ئەوەت کرد بوو. لە نێوقەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار، وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە نێوۆمێکی لیخندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.